# شوڤێنیەتی عەرەب

لەجەریدەی مناری فەلەستینیدا عنوانیکی زۆر سەرسورهێنەر نوسراوە{وحدات عسکریەاسرائیلیەفی شمال العراق لتشکیل جیش کردی }.

من نازانم عەرەب چییان ئەوێت لە نەتەوەی کورد کوردیش وەکو ئەم هەمو نەتەوانەی جهان کۆنترین {امە} نەتەوەیە . یەکەم دەولْتی گەورە لەجیهاندا کورد دروستی کردوە .وەکودەولْەتی هاتی لەناوچەی جەزیرە کە یەکەم کەسیش بوون لە جهاندا ئاسنیان بەکار هێناوە. تادوایی بەدەست عەرەب تیاچوو بەسەرۆکایەتی هۆرم هەپی سەرکردەی مسریەکان بە زیندویی کەولیان کردوە. ئەمەش 5000سالْپێش زایین ئایا ئەمە بەلگە نیە بۆستەمکاری عەرەب. یان لە 1400سال پێش ئیستا کە هاتون کوردستانیان داگیرکردوە بە بیانوی ئەوەوە گە گوایا ئاینی ئیسلامی تیا بلاْوئەکەنەوە شاعیرێکی کورد زولْمو زۆرداری عەرەب بەمشیۆەیە باس ئەکات بەزاراوەی هەورامی کۆن.

هورمیزان رمان ئایران پژان ویشان شاردەوە گورە گەورەکان *
زۆرداری ئارەب کردەنش خاپوور هەر جەدالْەوهۆ هەتا شارەزوور

ئەمە برۆانامەیەکی مێژووییە کە پێش نزیکەی 1400 سالْ پێش ئێستا نوسراوە لە لایەن شاعیرێکی کوردەوە لە ناوچەی هەورامان. 5000سالە ئێمە ئەچەوسێنەوە ئێستەش دەمیان هەلْنایێت بەکوردستان بلێن کوردستان هەردەم ئەکەنەوە شمالنا حەبیب.

بۆئێمە گوناحە پەیوەندیمان هەبێت بە دەولْتێکی وەکو ئیسرائیلەوە ئەویش چەندەها سالە لەژێر زولمو جوری عەرەبەوە ئەیاند نالأند هەتا دەولەتیان لە زەوی باوو باپیرانیان دەولْتێکیان پێکەوەنا. بەلاْم رەوایە 22دەولْتی عەرەبی عەلەمی ئیسرائلیان تیا ئەشەکێتەوە لێرەدا شیعریکی شاعیری گەورەی کورد زێوەرم بیر ئەکەوێتەوەکە ئەفەرموێت:-

یەک عەیبی خەلک ئەزانیت خۆت ساحێبی هەزاریت خەلْکت لەلاخەرارە خۆشت هەروەک دەواریت ئێمە ئەگەر پەیوەندیمان لەگەلْ ئیسرائیلدا هەبێت عەمیلو کافرین بەلاْم 22عەلەم لەنیشتمانی عەرەبیدا ئەشەکێتەوە حەلاْلە.

وەختی ئەحمەدحەسەن بەکر , سەرۆک قەزافی هات بۆعێراق لە فرۆکەخانەدا بەساردی پێشوازیان کردبوو لەبەر ئەوەی ئەو کەلْەپیاوە خاوەنی ویژدانی خۆیەتیو وتویەتی پێویستەکوردیش وەکو نەتەوەکانی دنیا حکومەتی خۆیان هەبێت ئەمە سەرانی عەرەبی نیگەران کردوە بەساردی پێشوازیان لێکردوە ئەویش یەکسەر زانیویەتی مەسەلە چی یە. وتویانە تۆدیفاع لەکورد ئەکەیت کە پەیوەندیان لەگەلْ ئیسرائیلدا هەیە ئەویش لە وەلاْمدا وتبووی راستە پەیوەندیان هەیە بەلاْم.....کـــــــــــــــــــــــــــــــی ناچاری کردن کە خۆیان بخەنە ناو باوەشـــــی ئیسرائیلەوە...غیر ئیوەی شوڤینی بەهەمو جۆرەچەکێک بەرەنگاریان

ئەبنەوە ئەوانیش ناچارن بۆبەرگریکردن لەخۆیان پەیوەندی ئەگەرئێوە اعتراف بەحەقیان بکەنو وەکومرۆڤ معامەلەیان لەگەڵ بکەن ئەوانیش واناکەن.
جارێکیان بەڕێزمام جەلال وتی ئەگەر دیموکراتی لەعێراقدا هەبێت منیش دا ئەنیشمو وەکو هاونیشتمانیەکی ئاسایی دائەنیشمو کەسیش ناتوانێت حەقم بخوات بەراست ئەم قسەیەی بەڕێز مام جەلال بۆیەکێک کەلێ ی تێبگات مانایەکی زۆری هەیە ئەگەر دیموکراتی حەقیقی لە عێراقداهەبێت پێویست بەجیابونەوەش ناکات بەلام ئایا عەرەب و دیموکراتی دوو وشەی نامۆنین بەیەکتری؟؟؟؟؟.
من لێرەدا بەپێویستی ئەزانم بە شۆڤینی عەرەب ڕابگەیەنم تازە باوی چەوسانەوە نەماوە بیان وێتو نەیان وێت کورد حکوومەتەو تازە بەزۆر ناتوانن بەدووربینیش سەیری کوردستان بکەنزبۆئەوان وا باشترە باوەشی برایەتی بۆکوردبکەنەوەو لەوفکرە شۆڤینیە کە هەیانە لەش پیســــــــــــی خۆیان دەرکەن ئەگەر ئەیان نەوێت عێراق پارچە نەکەن ئێمەش وەکو هەموو مرۆڤێکی ئەم دنیایە هەقمان هەیە بەسەربەستی بژین .
لەکۆتایشدا ئەلێم بەلــێ پەیوەندیمان بە جمهوریەتی ئیسرائیلەوە هەیەکێش رازی نیە با ئاوی بەحر بخواتەوە.

---

⁕هورمزان=جیگەی خواپەرستی ئاینی زەردەشتی پیرۆز.
⁕رمان= ڕووخان
⁕ئایر=ئاگر
⁕پژان=تێکدانو پرشو بلاو بونەوە=کوژانەوە
⁕ویشان شاردەوە=خۆیان شاردەوە
⁕گۆرە گۆرەکان=پیاوەئینیەکانو گەورە گەورەکان
⁕ئارەب=عەرەب
⁕کەردەنش خاپوور=ناوچەکەی کاول کردوە
⁕دالە هۆ=دەکەوێتە ناوچەی هەورامانی ئێران{ناوچەیێکە}
⁕شارەزوور شارەزووری ئێیستایە

مێــــــــژوو نــــاس
ناســـــــــر عەزیـــــــــــــــزهەورامی
N_hawrami@hotmail.com
Holland/lahay